به چاودێری وپاڵپشتی ڕێزدار سەرۆك مه سعوود بارزانی

پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب

معرض أربيل الدولي للكتاب 17

للإعلام والثقافة والفنون
Media Culture & Arts

9-19 ی نیسانی 2025
هەولێر - پارک سامی عەبدولڕەحمان

جیهان بەکوردی دەدوێت

پاشکۆیەکی ڕۆژانەیە دەزگای ڕاگەیاندن ورۆشنبیری وهونەری المدى دەری دەكات | ژمارە (10) ساڵی بیست ودووەمین- هەینی (18) نیسان 2025 | http://www.almadapaper.net Email: info@almadapaper.net

# سەرۆك بارزانی پێشوازی لە ژمارەیەك نووسەر و ئەدەبناس و ڕۆشنبیری عەرەب دەكات



شاندی هونەرمەند وادیبانی سوریا ڕۆژی پێنجشەممە ١٧ی نیسانی ٢٠٢٥ لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ژمارەیەک نووسەر و ئەدەبناس و ڕۆشنبیری عەرەب کرد کە بەبۆنەی کردنەوەی حەڤدەهەمین پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێبی هەولێر سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە.

لە دیدارەکەدا شاندی میوان پێزانینیان بۆ ڕۆڵی مێژوویی سەرۆک بارزانی لە خەباتی گەلی کوردستان و پاڵپشتیکردنی فەرهەنگی پێکەوەژیان و سەقامگیری هەبوو و هەروەها ستایشی کولتووری میواندۆستی و ڕۆحی یەکترقبووڵکردن و ڕێزگرتنی گەلی کوردستانیان کرد و وەک نموونەیەکی باڵا و جیاواز لە ناوچەکە وەسفیان کرد.

هەر لەو دیدارەدا سەرۆک بارزانی بە گەرمی بەخێرهێنانی شاندی میوانی کرد و کورتەیەکی لە مێژووی خەباتی گەلی کوردستان و قۆناغی ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین بۆ شاندی میوان خستەڕوو و جەختی لەوە کردەوە کە سەرکەوتنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەلی کوردستان لەدوای ڕاپەڕین، لێبوردە بوو و دەستی بۆ تۆڵەسەندنەوە لە نەیارەکانی نەبرد و لاپەڕەیەکی تازەی لە ژیانی سیاسیی خۆی کردەوە. سەرۆک بارزانی لە گوتەکانیدا پەیوەست بە بارودۆخی سیاسیی عێراق جەختی لەوە کردەوە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستە لە چوارچێوەی دەستووردا هەموو لایەک پابەندی بنەماکانی هاوبەشی و هاوسەنگی و سازان بن.

لەبەشێکی تری ئەو دیدارەدا لەبارەی کێشە جەوهەرییەکانی ناوچەکە و بارودۆخی سووریا ئامادەبوان کۆمەڵێک پرسیار و تێبینیان ئاراستەی سەرۆک بارزانی کرد و سەرۆک بارزانیش وەڵامی تێبینی و پرسیاری ئامادەبوانی دایەوە.

| ژمارە(10) ساڵی بیست ودووەمین- هەینی (18) نیسان 2025 |
http://www.almadapaper.net Email: info@almadapaper.net

## لە پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب

# پانێڵێك بەناونیشانی فەواز تەرابلسی و ئەزموونی وەرگێڕان: «وەسوەسەیەك نەگۆڕا بۆ پیشەیێ»




لە هەڤدەهەمین پێشانگەی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب پانێڵێک بەناونیشانی «فەواز تەرابلسی و ئەزموونی وەرگێڕان» بەڕێوەچوو، تێیدا وەرگێڕ حسێن عومەر میوانداری نووسەر، مێژوونووس، مامۆستای زانکۆ و ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی لوبنانی د. فەواز تەرابلسی کرد.
حسێن عومەر لە ناساندنی میوانەکەیدا، تەرابلسی بە تاکە کۆمۆنیست (ئاماژەیەک بۆ ناونیشانی کتێبێکی تەرابلسی) وەسف کرد کە شایەتحاڵی شۆڕشەکانی بەبێ شۆڕشگێڕ بوو، تووشی نەخۆشی هیوای بەبێ چارەسەر بوو، جەختیشی لەوە کردەوە کە فەواز تەرابلسی هەمیشە بە قو لە ناوجەرگەی ئەو گۆڕانکارییە گەورانەدا بووە کە ناوچە عەرەبییەکان بەخۆیانەوە دەیانبینی، هەروەها بە قوولی کاریگەر بوو بەو پێشهاتانەی گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، ئاماژەی بەوەش کرد: تەرابلسی ئەو کەسەیە کە لە ژیاندا پێچەوانەی ڕێڕەو ڕۆیشتووە، کاتی گووتی دیموکراسی شۆڕشە.
فەواز تەرابلسی یەکێکە لە بیرمەندە دیارەکانی جیهانی عەرەبی، نزیکە ٣٠ کتێبی نووسیوە، هەندێکیان لەم پێشانگەکە نمایش کراون بۆ واژوو کردن، چەندین بەرهەمی گرنگی فیکری و ئەدەبی وەرگێڕاوە، لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤار وەک نووسەر کاری کردووە، پۆستی ئەکادیمی وەک ماۆستای یاریدەدەر و مامۆستای میوان لە زانکۆکانی ناوەوە و دەرەوەی لوبنان هەبووە، لە دیارترین بەرهەمەکانی ڕۆمانی بەناوبانگی «ئەو دە ساڵەی کە جیهانی هەژاند»، کە بووە جێی بایەخی ڕەنەگیر و جەماوەرێکی زۆر.
د. فەواز لە پانێڵەکە وەڵامی پرسیاری بەڕێوەبەری دانیشتنکەی سەبارەت بە تێڕوانینی بۆ وەرگێڕان و ئایا هێشتا «وەسوەسە و خولیایە« وەک پێشتر ڕایگەیاندبوو؟، قسەکانی دەست پێ کرد و گووتی: بەڵێ، وەرگێڕان هێشتا وەسوەسەیە بۆ من، هەرچەندە ماوەیەکی زۆرە وەک پیشەیەکی لاوەکی پراکتیزەم کردووە، ئەم وەسوەسەیە بریقەی خۆی لەدەست نەداوە؛ بەڵکو لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا زیادی کردووە، و نەگۆڕاوە بۆ پیشە، و ئەمەش سوودمەندە، چونکە پەرۆشی و پەیوەندی ویژدانی نێوان وەرگێڕ و ئەو دەقانەی کە کاریان لەسەر دەکات دەپارێزێت.
سەبارەت بە دەستپێکی وەرگێڕان، تەرابلسی ئاماژەی بەوەدا کە ئەزموونەکەی لە ڕۆژانی خوێندنی ئامادەییدا دەستی پێ کردووە، کاتێک دەستی کردووە بە وەرگێڕانی دەقەکان لە زمانی عەرەبی بۆ زمانی ئینگلیزی، یەکەم هەوڵی خۆی وەبیرهێنایەوە کە بریتی بوو لە وەرگێڕانی شیعری «خەم لە تیشکی مانگدا»، دواتر شیعرێکی سیاسی شاعیری گەورەی عەرەب نزار قەبانی وەرگێڕا و دوایی ناردی بۆ قەبانی.
ئاماژەی بەوەشدا، هاتنە ناو دونیای وەرگێڕان بە شێوەیەکی پیشەییتر لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا هاتەوە، و دەقەکانی تایبەت بە مارکیسیزم و سۆسیالیزم وەرگێڕاوە، جگە لە ئەدەبیاتی بزوتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکەی.
د. فەواز تەرابلسی لە قسەکانیدا گووتی: «وەرگێڕ نووسەرێکی دیکەیە«، جەختی لەوە کردەوە کە پەیوەندییەکەی لەگەڵ وەرگێڕان لەسەر بنەمای سۆز و خۆشەویستی بووە، زیاتر لە ڕێبازێکی پیشەییە، و گووتی: من ئاماتۆر (هاوی) نەک وەرگێڕێکی پیشەیی و تەنها لەبەر ئەوەی ١٦ کتێبم وەرگێڕاوە، بەخۆم ناڵێم وەرگێڕ، وەرگێڕان بۆ من خولیایەکە نەک پیشە و شانازی بە پەیوەندییە لەمێژینەکەی خۆم لەگەڵ گەلی کورد دەکەم و هاوسۆزی و هاودەنگی نێوانمان بەرز دەرخێنم.
تەرابلسی باسی لە قەیرانی چاپ و بڵاوکردنەوە لە جیهانی عەرەبیدا کرد و پێی وایە بڵاوکردنەوە قەیرانێکی ڕاستەقینە بەخۆیەوە دەبینێت.
زیاتر گووتی: «قەیرانی گەورەی چاپ و بڵاوکردنەوە لە ناوچەی عەرەبیدا هەیە، ئاشکرایە کە زیادەڕەوی کردن لە وێناکردنی شتەکان درووست نییە، هەندێک دەڵێن عەرەب دەستیان بە خوێندنەوە لەسەر کۆمپیوتەر کردووە، ڕەنگە هەندێک ڕاستی هەبێت لەوەدا کە ئەوان خەریکی خوێندنەوەی شتە بەسوودەکانن».
سەبارەت بە تێڕوانینی بۆ ڕۆڵی وەرگێڕ، گووتی: وەرگێڕ تەنها گەیاندنی مانا نییە، بەڵکو کەسێکە کە زمانەکە دەژێنێ و بەردەوام لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکا، لەگەڵ قووڵبوونەوەیان لە زمانەکە، لێهاتوویان گەشە دەکات، ئەگەر تاکە ئامانج بەرهەمهێنانی دەقێک بێت کە وەک ئەوەی بە زمانی ڕەسەن نووسرابێت بخوێنرێتەوە، ئەوا پێویستی بە پیشەگەرییەکی ڕاستەقینە هەیە.
هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە کتێب هەن بۆ وەرگێڕان شیاو نین، ڕوونیشی کردەوە کە هەندێ بەرهەمیان پێ دراوە یان بیری لە وەرگێڕانیان کردووە، بەڵام بە هاوکاری زمانەوانی پاشەکشەی کردووە، ڕوونیشی کردەوە «هەندێک کتێب پشت بە سادەیی زۆر یان دەستکاری زمانەوانی قورس دەبەستن، ئەمەش زایکردووە وەرگێڕانیان بۆ زمانی عەرەبی گرنگ نەبێت».
تەرابلسی باسی لە واقیعی وەرگێڕان لە جیهانی عەرەبیدا کرد، پەشیمانی خۆی لە نەبوونی کۆمەڵەیەکی بەرفراوان لە وەرگێڕانی پیشەیی دەربڕی و گووتی «جێگەی داخە کە ئێمە سەرکەوتوو نەبووین لە بەرهەمهێنانی جیهانێک لە وەرگێڕی پیشەیی، یاخوود کۆمەڵەیەکی باش لە پسپۆڕانی ئەم بوارە«.
ئاماژەی بەوەش کرد، زۆربەی وەرگێڕەکان لە جیهانی عەرەبیدا بژێوی ژیانیان لە وەرگێڕان دابین ناکەن، بەڵکو وەک پەراوێزێک لە پاڵ کارە سەرەکییەکاندا پراکتیزەی دەکەن، ڕوونیشی کردەوە «ژمارەیەکی زۆر لە وەرگێڕان وەک خولیایەک یان کارێکی لاوەکی کاری وەرگێڕان دەکەن و پارە وەرناگرن کە بتوانن پشتی پێ ببەستن وەک سەرچاوەی سەرەکی داهاتیان، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر کوالیتی وەرگێڕان و گەشەپێدانی وەک پیشەیەک کە بوونی هەیە«.

پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب
معرض أربيل الدولي للكتاب 17
| ژمارە(10) ساڵی بیست ودووەمین- هەینی (18) نیسان 2025 |
http://www.almadapaper.net Email: info@almadapaper.net

# ڕۆڵی نووسەران و ڕۆشنبیران
# لە سەردەمی زیرەکی دەستکرد و گۆڕانکاری خێرادا



لەسەردەمی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی لە جیهان رودەدات، بەتایبەتی لە بوارەکانی تەکنەلۆجیا و زیرەکی دەستکرددا، چەند پرسیارێک دێتە پێش سەبارەت بە ڕۆڵی ڕۆشنبیران و نووسەران لە قۆناغی داهاتوودا. ئەوانەی ڕۆشنگەری و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیان گرتۆتە ئەستۆی خۆیان، چۆن دەتوانن لەگەڵ جیهانێکدا کارلێک بکەن کە ڕۆژانە لە گۆڕاندایە؟ ئایا لە سەردەمی خێرایی و کورتکردنەوەدا هێشتا وشەی نووسراو قورسایی هەیە؟

نووسەر و ڕۆژنامەنووس ڕێدان ئەحمەد لە لێدوانێک بۆ پاشکۆی ئەلمەدا ئەلمەدا، پێی وایە ڕۆڵی نووسەر چیتر تەنیا لە ڕاپۆرتکردن یان گێڕانەوەدا سنووردار نییە، بەڵکو بووەتە بەرپرسیار لە داڕشتنی هۆشیاری و لێکدانەوەی گۆڕانکارییە گەورەکان. هەروەها دەڵێت: «نووسەران ئەوەی پێشینەکان گواستیانەوە دەیگوازێتەوە، سوود لە ئەزموونەکەیان وەردەگرێت و دەرەنجامە نوێیەکان دەخەنەروو، بۆ ئەوەی بیانگوازنەوە بۆ نەوەی نوێ، هەریەکەیان بەپێی پسپۆڕییەکەی، بەڵام ئەم ئەرکە ئاسان نییە بەرامبەر ئەو بڕە زۆرەی زانیاریی لەبەردەستدایە و خێرایی وەرگرتن کە سروشتی پەیوەندی نێوان خوێنەر و دەقەکەی گۆڕیوە.

دەشڵێت، «جیهان ئەمڕۆ شایەتی گۆڕانکاری ڕیشەیی بە تایبەت لە بوارەکانی تەکنەلۆجیا و زیرەکی دەستکرددایە، ئەمەش ئەرکی نووسەر ئاڵۆزتر دەکات». ئێستا زانیاری بۆ هەمووان بەردەستە، بەڵام ئەوەی کەم بووە شیکاری قووڵ و توانای بەستنەوەی داتاکانە. لێرەدا گرنگی ئەو ڕۆشنبیرە ڕاستەقینەیە هەیە کە تەنیا پرسیارەکان دووبارە ناکاتەوە، بەڵکو هەوڵدەدات بەشداری لە داڕشتنی وەڵامەکاندا بکات.

ڕەنگە گەورەترین نیگەرانی کاریگەری وپەرەسەندنەکانی زیرەکی دەستکرد بێت لەسەر ژیانی مرۆڤ. ئەو دەڵێت «ئێستا خەڵک لەبری ئەوەی بچنە لای پزیشک پرسیار لە زیرەکی دەستکرد دەکەن سەبارەت بە تەندروستی خۆیان»، ئەمە ئاماژە بە دابەزینی کارلێکی مرۆڤەکان دەکات لەگەڵ زیادبوونی پشتبەستن بە تەکنەلۆژیا. ئەم گۆڕانکارییە پرسیاری قووڵی ئەخلاقی سەبارەت بە چارەنووسی زانستە مرۆییەکان و زانستەکان و لەبارەی شێوەی ئەو کۆمەڵگایانە دەوروژێنێت کە ڕەنگە لە ژێر قورسایی ئەم پێشکەوتنە تەکنەلۆژییە خێراترەدا سەرهەڵبدەن.

لە لایەکی دیکەوە ئەحمەد پێی وایە «خوێنەر و نووسەران لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پێشکەوتنەدا هەمان زەحمەتی و ناڕەحەتی دەچێژن». لە کاتێکدا خوێنەران لەناو قووڵایی ناوەڕۆکی دیجیتاڵیدا دەخنکێن، نووسەران خۆیان لە نێوان ژاوەژاوی پلاتفۆرمە کراوەکاندا ڕووبەڕووی تەحەدای پاراستنی دەنگیان دەبنەوە. بۆیە داوا دەکات «سۆشیال میدیا نەکرێتە گۆڕەپانێک بۆ ململانێی نەوەکان، بەڵکو بکرێتە سەکۆیەک بۆ گفتوگۆ و دیالۆکی ئاست بەرز».

ناوبراو ئەسەفی خۆی دەربڕیەوە لە بڵاوبوونەوەی کۆمێنتی ڕووکەش و نەرێنی لەسەر بابەتەکانی زانستی و فیکری و دەڵێت « زۆر دڵتەنگ دەبم کاتێک کۆمێنتەکان دەخوێنمەوە کە شەرمەزارکەرن بۆ رۆشەنبیری و کەمی زانیاری». هەروەها جەخت لەسەر پێویستی «دابەشکردنی رۆڵەکان لە کۆمەڵگەی رۆشەنبیری بە شێوەیەکی سیستماتیک» دەکاتەوە، ڕەخنە لە هەندێک تاک دەگرێت کە «سەرەڕای نەبوونی ئامرازی فیکری پێداگری لەسەر ئامادەبوون دەکەن».

بەرامبەر دەنگی ڕۆشنبیرەوە، خوێنەر «عەلی مستەفا» باس لە ڕوانگەی وەرگر دەکات و دەڵێت «وەک خوێنەران بەدوای کەسێکدا دەگەڕێین کە ڕێگاکەمان لە نێوان جەنجاڵی دیجیتاڵیەدا ڕووناک بکاتەوە. لە کاتێکدا زیرەکی دەستکرد وەڵام پرسیارەکانمان دەداتەوە، بەڵام پێویستمان بە کەسێکە لەگەڵمان بیربکاتەوە نەک لە جیاتی ئێمە.» دەشڵێت «هەندێکجار هەست دەکەم نووسەر پێویستە زیاتر بێت لە نووسەرێک؛ دەبێت ڕێبەرێک بێت، شیکارێکی بە توانا بێت کە بتوانێت مامەڵە لەگەڵ مێشکی ماندوو و سەرقاڵدا بکات».

مستەفا جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەیوەندی نێوان خوێنەر و نووسەر پێویستی بە نوێبوونەوە و کارلێککردن هەیە. «ئەوە بەس نییە نووسەر بنووسێت و چاوەڕێی فیدباک بکات، هەروەها پێویستی بە بەشداریکردنە لە گفتوگۆکەدا، بەتایبەتی لەگەڵ نەوەیەکی نوێ کە بە شێوەیەکی تەواو جیاواز بیردەکاتەوە».

لە کۆتاییدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئاڵەنگاریەکانی بەردەم نووسەران و ڕۆشنبیران تەنیا تەکنیکی نین، بەڵکو ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیشن. ئایندەمان پێویستی بەوەیە کە ڕۆڵێکی گرینگتر بگێڕن، لەسەر بنەمای ڕەخنە و شیکاری و داهێنان، بەبێ ئەوەی ئەو رووکەشە مرۆییە لەدەست بدەن کە هەمیشە کرۆکی نووسینی ڕاستەقینە بووە.

## هۆڵی سیمینارەکانی پیشانگا..

# گفتوگۆیەك لەسەر پەیوەندی نێوان ئەخلاق و سیاسەت لە جیهانی هاوچەرخدا

## د. عامر فەیاز: ڕۆحی ئەخلاقی مەدەنی لە سەردەمی ئێستاماندا نزیکبووەتەوە لە نەبوون




■ **هەولێر / زەین یوسف**

سیمینارەکانی پێشانگای نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب یەک بەدوای یەکدا بەردەوامن و ژمارەیەکی زۆر و بەرچاویش ئامادەی گفتوگۆکان دەبن. ئەمجارە هۆڵەکە میوانداری سیمینارێکی کرد بەناونیشانی (ئەخلاق و سیاسەت لە جیهانی هاوچەرخدا)، کە تیایدا د. عامر حەسەن فەیاز لەلایەن چاوپێکەوتنی د. عەلی الرفیعی گفتوگۆی لەگەڵ ئەنجامدرا.

د. عامر فەیاز باسی لە چەمکی ئەخلاق و سیاسەت کرد و گوتی: ئەگەر سیاسەت چالاکییەکی مرۆیی و بیرکردنەوەی پەیوەست بە دەسەڵاتی سیاسییەوە بێت، ئەوا ئەخلاقیش چالاکییەکی مرۆییە و ئامانجێکی هەیە، ئەگەر قۆناغە مێژووییەکانی پەیوەندی نێوان ئەخلاق و سیاسەت پەیڕەو بکەین، تێبینی ئەوە دەکەین کە ئەخلاقیش چالاکییەکی مرۆییە و ئەم چالاکییە ئامانجی خۆی هەیە، ئامانجی بنەڕەتی ئەوەیە مرۆڤ بە شێوەیەکی ڕێکوپێک هەڵسوکەوت بکات لە پێناو بەدیهێنانی بەختەوەریدا، لە کاتێکدا سیاسەت ڕەفتارێکە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و پرسەکە بەندە بەو کەسەی کە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، چونکە پرسە ئەخلاقییەکان بابەتگەلێکن کە پەیوەندییان بە تاکەوە هەیە پێش ئەوەی پەیوەندییان بە گرووپ و کۆمەڵەکانەوە هەبێت.

د. عامر فەیاز ئاماژەی بەوەشکرد، لەڕووی زمانەوانییەوە، وەک ئیبن مەنزور دەڵێت، ئەخلاق وەک زانست زانستێکی پێوانەییە، کاتێک ڕێبازێکی تایبەت پەرەی پێدەدرێت، ئامانج لێی جیاکردنەوەی باش و خراپە. ئەخلاق پێوەرێکی جیاکارییە. ئەگەریش ئەخلاق پێوەرێکی جیاکاری بێت، تێبینی ئەوە دەکەین کە پەیوەندی نێوان ئەخلاق و سیاسەت پەیوەندییەکی جێگیر نییە. کاتێک ئێمە ئەفلاتون و ئەرستۆ و سوقرات دەخوێنینەوە، تێبینی ئەوە دەکەین کە ئامانجی کاری ئەخلاقییان بە گەیشتن بە فەزیلەت زانیووە و فەزیلەت هاوتای عەقڵە نەک نەزانی، لەسەر ئەم بنەمایە ئەخلاق لەگەڵ هەموو کردارێکدا هاوشێوە بووە، بە کاری سیاسیشەوە.

فەیاز ئاماژەی بەوەشدا «قۆناغێک لە نێوان ئەخلاق و سیاسەتدا هەیە، کە قۆناغی دابڕانە، لەم قۆناغەدا ئەخلاقی ئایینی و ئەخلاقی مەدەنی هەیە و ئەخلاقی مەدەنیش پرسی بەرژەوەندی و قازانج بەسەریدا زاڵە، بۆیەش ئەو دابڕانە ڕوویدا و ڕەنگە هەندێک ململانێ لە نێوان ئەخلاقی ئایینی و ئەخلاقی مەدەنیدا هەبێت. لە سەردەمی هاوچەرخی ئێمەدا پەیوەندییەکە بووەتە پەیوەندییەکی عەدەمیەت لە کاری سیاسیدا، بەڵام ئەخلاقی مەدەنیش پرسی بەرژەوەندی و قازانج بەسەریدا زاڵبووە و لەویشدا عەدەمیەتێکی ئەخلاقی هەیە.

گوتیشی: قسەکردن لەسەر ئەخلاق وامان لێدەکات باسی ئەو پرسانە بکەین کە جێگیرن، نەگۆڕاون بە بەردەوامی ماونەتەوە، هەروەها فۆرمێکی ڕەها لەخۆدەگرێت. لە سیاسەتدا گۆڕانکاری باڵادەستە، سەقامگیریش دوورە لە سیاسەت، کاتێک گوتمان لە قۆناغی یەکەمدا ناسینەوەیەک لەنێوان ئەخلاق و سیاسەتدا هەبووە، ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەم بابەتە ڕەهایە، بەڵکو یەکتربڕین و جیاوازییەک هەیە، بەڵام باڵادەستی لەو قۆناغەدا ناسینەوەی نێوان ئەخلاق و سیاسەتە.

د. عامر حەسەن فەیاز دەشڵێت: لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کەس نەیگوتووە ئەمانە ئەخلاقی مەدەنین، بەڵکو ئەخلاقی ئایینییە، کە ئەخلاقێکی پیرۆزە و خواوەندەکان دروستی دەکەن و مرۆڤ دروستیان نەکردووە، ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەخلاقی مەدەنی نەبووە، بەڵکو ئەخلاقی ئایینی زاڵ بووە، لە قۆناغێکی دیکەدا پەیوەندی نێوان ئەخلاق و سیاسەت پەیوەندییەکی کێبڕکێی بووە، یەکێکیان ویستویەتی ئەوی تریان لەناو ببات، واتا ئەخلاقی ئایینی لە ململانێدا بووە لەگەڵ ئەخلاقی مەدەنیدا، بۆ نموونە کاتێک کەسێکی مەدەنی باسی لە دیموکراسییەت یان مافەکانی مرۆڤ کردووە، ئەم قسەیە بە سروشت و ناوەڕۆکەکەی ڕۆحێکی مرۆیی ڕاستەقینەی هەیە، بەڵام لە سەردەمی هاوچەرخی ئێمەدا، زاڵبوونەکە بووەتە هۆی نائەخلاقی و تەنانەت ڕۆحی ئەخلاقی مەدەنیش نزیکبووەتەوە لە نەبوون.

| ژمارە(10) ساڵی بیست ودووەمین- هەینی (18) نیسان 2025 |
http://www.almadapaper.net Email: info@almadapaper.net

## سەردانیکەران لە پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب :

# ئەو کتێبانەمان دۆزییەوە کە لە کتێبخانەکان دەست نەدەکەوتن.




■ هەولێر/ ئەلمەدا

لە نێو پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر کە لە خولی ١٧ یەمینیدایە، دەنگی سوپاس و پێزانینی سەردانیکەران دەهات، دەیانگووت لێرە کتێبەکان بە ئاسانی دەدۆزرێنەوە، پێشتر زۆر سەرچاوە هەبوون کە لە کتێبخانەی شارەکانمان بەدوایدا دەگەڕاین لێرە دۆزیومانەتەوە بۆیە دڵخۆشین سوپاس بۆ کردنەوەی پێشانگەیەکی لەم جۆرە.

پێشانگەکە لە بەشداریکردنی زیاتر لە ٣٥٠ بڵاوکەرەوەی کتێبی عەرەبی و کوردی و دێرینی پێک هاتبوو، ئێرە دەروازەیەکی تایبەت و گرنگە بۆ خوێنەران لە هەر تەمەنییەک بیت کتێب و بەرهەمی ناوازەت دەست دەکەوێت، بۆ کڕینی ناونیشانی کتێبە نایاب و تایبەتییەکان کە زۆرجار لە کتێبخانەکانی ئاسایی دەست ناکەون لە پێشانگەکە دەست دەکەوێت.

جۆراوجۆری کتێب، هەموو سەردانیکەرانی راکێشاوە بۆ لای خۆی لەگەڵ زۆرێک لە سەردانیکەران قسەمانکرد و گوتیان، ئێمە لەم پێشانگەیە دەستمان بەوکتێبانە گەیشتووە کە پێشتر قورس بوو لە کتێبخانەیەک دەست بکەوێت، لەلایەکی دیکەوە، گونجاوی نرخی کتێبەکان دڵخۆشی کردووین کاتێک ئەو هەموو ناونیشانی کتێبەش دەبینین وەک ڕۆمانەکان، کتێبەکانی مێژوو، بیرۆکەی سیاسی، فەلسەفە، زمانەکان، هەروەها کتێبەکانی گەشەپێدانی کەسایەتی و زانستی نوێ، ئێرە ناوازەیە بۆ ئێمە..

هەژار عومەر کە لە سلێمانیەوە هاتووە گوتی: زۆر ماندوو بووم لە دۆزینەوەی کتێبێکی مێژووی تایبەت بێت بە رەچەڵەکی کورد دەستم نەدەکەوت، سەردانی ئێرەمکرد و هیچ هیوایەکم نەبوو ئەو کتێبەم دەست بکەوێت کە دڵخوازمە بەس بەخۆشحاڵیەوە ئەوەتا کتێبەکە بەدەستمەوەیە و هەست دەکەم هەموو دونیام بەدەست هێناوە، لێرە لەرووی رێکخستن و ئامادەکاری وداشکاندنی کتێبەکان بەراستی ناوازەیە.

شیرینیش خوێندکاری زانکۆیە لە هەولێر دەڵێت: زۆر کات لە نێو کتێبخانەکان تەنها بۆ یەک سەرچاوەی کتێبی ئەنترۆپۆلۆجی گەڕاوم کە بۆ بەشەکەم گرنگە دەستم نەدەکەوت، ئێستا لە پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب دوو سەرچاوەی گرنگم دەستکەوتووە.




لوقمان عەبدولغەفور (مامۆستای زمانی عەرەبیە) گوتی: من هەموو ساڵێک سەردانی پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب دەکەم بەڵام ئەمساڵ جیاوازتربوو، کتێبی رەخنەی ئەدەبیم دۆزیەوە کە لە هیچ کتێبخانەیەک دەست نەدەکەوت یاخود نرخەکەی زۆر بوو، ئێستا بەو نرخەی کە لە کتێبخانەیەک کتێبێک دەکرێت دوو تاوەکو سێ کتێبی پێ دەکرێت.

سۆزان حوسێن لە زاخۆوە هاتووە دەڵێت:
"دوو ساڵە بەدوای ڕۆمانێکدا دەگەڕێم کە
وەرگێراوی نووسەرێکی ئەڵمانییە، نەبوو، ئەمشەو لێرە لە بڵاوکەرەوەیەکی لوبنانی دۆزیمەوە. هەستێکی ناوازەم هەیە.

زۆرتر لە تەنیا فرۆشتنی کتێب

پێشانگە تەنیا وەک شوێنێکی پیشاندانی کتێب و فرۆشتنی نەماوە، بەڵکو گۆڕاوە بۆ دونیایەکی چالاک، کە نووسەر و خوێنەر و بڵاوکەرەوەکان وتووێژی پەیوەندیدار دەکەن لەسەر باشترین بڵاوکراوەکانیان.

هەروەها سەردانیکەران دەڵێن، ئێرە جێگەیەکە بۆ وتووێژکردن لەسەر جۆرەکانی ڕۆمان، داهاتووی کتێبی ڕەقەیی، و ئەقڵی دروستکردنەوە لە فەرهەنگ. ئەمەش ڕەخنەیەکی تەمەنیی دادەنێت، پێسانگەکە ساڵ لەدوای ساڵ سەردانیکەری روو لە زیادبوونە و داوا دەکەن ساڵی چەند جارێک بکرێتەوە، ئێرە وەک ماڵێکی رۆحی وایە بۆ ئێمە دڵخۆشین ئەم هەموو کەسە رۆشمبیرە لێرە کۆبووەتەوە..

# ئەلخەیون: کاتێك زانست زۆر بەرەو پیش دەچێت، کەلێنێکی گەورە لە نێوانی زانست و ئاییندا دروست دەبێت






■ هەولێر:زەین یوسف

لە هۆڵی سمینارەکان گفتوگۆیەک لەژێرناونیشانی (کێشەی کەلەپوری لە هزری عەرەبیدا لە نێوان بە پیرۆزکردن و نوێگەراییدا) بە میوانداری نوسەرو لێکۆڵەر(ڕەشید ئەلخەیون)ئەنجامدراو ڕۆژنامەنوس عەلی حوسێن گفتوگۆکەی بەڕێوەبرد:

لەسەرەتای گفتوگۆکەدا خەیون باسی چەمکی کەلەپوری کرد کە ئایا کەلەپورپیرۆزە یان دەتوانرێت نوێبکرێتەوە؟ ئەو دەڵێت:»سەرەتا لەسەرمانە کە مێژوو و کەلەپور لەیەک جیا بکەینەوە،مێژوو دەچێتە ناو کەلەپور،بەڵام کاتێک کتێبەکانی جاحزی ئەبو حەیان تەوحیدی دەخوێنینەوە ئەوا کتێبەکانی بریتین لە کەلەپور،وە ناتوانرێت بە کتێبی مێژوویی دابنرێن و کاتێک قسە لەسەر کتێبی «مێژووی نەتەوەکان و پاشاکان» کە لەلایەن طەبەرییەوە نوسراوە ئەوا ناتوانریت لەچوارچێوەی کەلەپور دابنرێت ،چونکە مێژووە.

بابەتێکی دیکە ئەوەیە کە ڕێگاکانی نوسینی مێژوو قوتابخانەورێسای زۆری هەیە هەندێکیان مێژوویان بە ڕێگای قۆناغبەندیکردن نوسیوە هەروەک طەبەری و مەسعودی بۆ نمونە مێژوو جوگرافیایان تێکەڵکردووە و نوسینەکانیان لەسەر ناوی جێنشینەکان بووە، بەڵام خاڵێکی گرنگ لێرەدا هەیە کاتێک کە کەلەپورو مێژوو دەخوێنینەوە وەک مێژوو ئەوا بەپیرۆزکردن گرنگییەکی ئەوتۆی نابێت،بەڵام کاتێک مێژوو بە دیدێکی ئاینی دەخوێنینەوە ئەوا بە پیرۆزکردن بە ڕێژەی لەسەدا سەد بوونی دەبێت.

ئەو زیاتر دەڵێت:»قورئان بۆ نمونە دەخرێتە ناو چوارچێوەی کەلەپوری ئاینی ومێژوویمان، ئەگەر قورئان وەکو لێکدانەوەیەکی زانستی یان لێکدانەوە بەزمان وەربگرین ئەوا جیاوازییان لە نێواندا هەیە،چونکە کاتێک وەک لێکدانەوەیەکی ئاینی پێشکەشی دەکەین ئەوا لێرەدا لێکدانەوەکە بەستراوە بە میتۆدۆلۆژیاوە(منهج)هەر لەبەرئەوەشە کە کاتیک مێژوونوس دەیەوێت بە مێژوو قسە بکات ئازادییەکی فراوانتری دەبێت کە بەدڵنیاییەوە لەلایەن دەمارگیرەکان پەسەند ناکرێت،بەڵام ئەو ئازادی خۆی وەردەگرێت، زۆرێک لە مێژوونووسان بە مەیلی پیرۆزکردن هەڵسوکەوت لەگەڵ مێژوودا دەکەن وهەندێکی دیکە لە مێژوونووسان بەناسنامە دەیبەستنەوە کەئەوە ناسنامەمانە جا ئەوە ڕاست بێت یان هەڵە ئەوە ناسنامەیەو ناتوانرێت دەستی بۆ ببریت».

خەیون ئاماژەی بەوەدا کەخوێندنەوەی مێژوو لەسەرقوتابخانە دەوەستێت هەر بۆنمونە کاتێک جەواد عەلی دەنوسێت لە کتێبی »وردەکاری لە مێژووی عەرەب بەر لە ئیسلام» ئەو ویستی کە وەڵامی وشەیەک بداتەوە کە ئەویش ڕەتکردنەوەی دۆزی نەفامییە لە کۆمەڵگەکانی بەر لە ئیسلام، بەڵام کاتێک دێینە سەر دۆزی ئاینی ئەوا مێژوونووسی ئاینی کاتێک کە دەدوێت دەڵیت ئەوسەردەمە تاریکی بووە ودوای هاتنی ئیسلام ڕوناکی داهات، بەڵام جەواد عەلی کاتێک قسە دەربارەی بەر لە ئیسلام دەکات دەڵێت:»ڕوناکی زۆر هەبوون لەو سەردەمە وەکوهەبوونی شیعرو زانست و وتاردان و دیدی هزری».

هەروەها دەربارەی کاریگەری مەزهەبەکان لەسەرمێژووی ئیسلامی خەیون گوتی:»مەزهەبەکان هەردەبێت هەبن ،چونکە هیچ بیرو بۆچونێک یان ئاینێک لەسەر دۆخی خۆی نامێنێتەوە ،چونکە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێن و لەگەڵیدا داواکارییەکانیش دەگۆڕێن هەروەها زەمەن و زمانیش دەگۆڕێن ئەوەش دەبێتە پەیدابوونی لێکدانەوەیەکی دیاریکراو. ئەم لێکدانەوەیە گەشە دەکات و گەورە دەبێت و دەبێتە مەزهەب، بەڵام بابەتەکە گەیشتە ململانێی نێوان مەزهەبەکان،چونکە کاتێک تۆشتێیەکی نوێ دەهێنیت ئەوا ئەوانی تر بەکافر ناوزەدت دەکەن و ڕەخنەبارانت دەکەن،لە ئێستادا بەسەدان مەزهەب هەن و لەهەرمەزهەبێکدا لێکدانەوەی زۆر هەن،ئەم ململانێیانە بۆیە ڕوویاندا لەبەر ئەوەی لێکدانەوەکان جیاوازبوون لە ماهییەتی خودی خودا وهەروەها قورئانیش کە ئایا خودا لە کۆتاییدا دەبینریت؟ هەموو ئەو بابەتانەش بوونە هۆکاری ململانێ لە نیوانیاندا».

هەروەها خەیون دەستی بۆ بابەتی ئاین و شارستانییەتەکان برد لەو بارەیەوە دەڵیت:»یەکەم سەرهەڵدانی هزری ئاینییە کاتێک وتنەوەو سرودەکانی سۆمەرو بابل وەردەگرین هەموویان ئاینین وکۆمەڵگا وەریگرتوون،هەر بۆنمونە چیرۆکی تۆفان شارستانییەتێکی دروستکرد لەبەرئەوەی پەڕییەوە بۆ یەهودییەت وتەوراتیش باسی لێوەکردووە،بەڵام گرفتی پەیوەندی لەگەڵ خودادا ئەویش گرفتی بیرکردنەوەی مرۆڤەکانە لە چۆنییەتی هەبوونی خودا وهەبوونی گەردوون هەموو ئەو بابەتانە لە بنەڕەتدا بۆ بیرۆکەی ئاین دەگەڕێنەوە،بەڵام بیری ئاینی دابڕاونییە لە بیری کۆمەڵایەتی ودابراویش نییە بیری زانستی،بەڵام دابڕانەکە کاتێک ڕوویدا کە زانست زۆر گەشەی سەند هەر ئەوەش بووە هۆی پەیدابوونی کەلێنێکی گەورە لە نێوان زانست و ئایندا ،چونکە ئاین دەیەوێت زانست بگەڕێنێتەوە وزانستیش دەیەوێت بەرەو پێشەوە بچێت».

# بارانبارین ڕێگری لە سەردانی پیشانگاکە نەکرد

# بەشدارییەکی زۆر لە پێشانگای نێودەوڵەتیی بۆ کتێب لە هەولێر بەردەوامە




■ هەولێر/ نور عەبدولقادر

وێڕای بارانبارینی بەخوڕ لە دوو ڕۆژی رابردوودا، شەقام و کۆڵانەکانی شاری هەولێری گرتەوە، بەڵام لە حەفتەمین ڕۆژی پێشانگای نێودەوڵەتی بۆ کتێب لە هەولێردا، هێشتا ژمارەیەکی یەکجار زۆری سەردانکاران لە هەموو تەمەنەکان ئامادەی پیشانگاکە دەبن. بەشدارییە سەردانیکاران زیاترلەوە دەچوو کە ژوانیان لەگەڵ کتێب و زانست و زانیاریدا هەبێت، بۆیە خراپی کەشوهەوا نەیتوانی ڕێگری لەو زەماوەندە رۆشنبیرییە بکات، ئەگەرچی بۆنی کتێب و کاغەز تێکەڵ بە بۆنی باران ببوو، ئەوەیش دیمەنێکی جوان و دڵڕفێنی دروست کردبوو، کە زیاتر پیشانگاکەی دەوڵەمەند کرد.

سەرەڕای هۆشداری فەرمانگەکانی کەشوهەوا، ژمارەی سەردانیکارانی پیشانگاکە هەر سەرلە بەیانییەوە بەرچاو بوو، بەشێکی شەقامەکان ئاویان لێ وەستابوو، بەڵام ئەوانەی سەردانی پیشانگاکەیان دەکرد زۆرینەیان چەتریان هەڵدابوو، کە ئەویش دیمەنێکی دیکەی ناوازە بوو، چەترەکان زۆربوون و چاوەکانیش بە پەرۆشییەوە هەر لەسەر رەفەی کتێبەکان بوو، بۆیەش کەشوهەوا هیچ کاریگەرییەکی لەسەر سەردانیکردنی پیشانگاکە نەبوو.

چرا، کچێکی کوردە لە هەولێر، دڵخۆشی خۆی بۆ ئەلمەدا دەربڕی و دەڵێت: من لەگەڵ باوکم هاتووم، چونکە لەم کەشوهەوایە باران و کتێبەکانم خۆشدەوێت، دنیایەکی جیاوازە کە ئێمەی خوێنەران بە دوایدا دەگەڕێین، وەک ئەوەی دەنگی باران ڕیتمێک بێت کە هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ کەشوهەوای پێشانگاکەدا، وەک ئەوەی خوێنەران و سەردانیکاران بەتایبەتیش قوتابیان و فێرخوازان تەحەدای کەشوهەوا بکەن بۆ زانیاری و فێربوون. جێگەی سەرسوڕمانی من بوو ئەو هەموو قوتابی و خوێندکارە لەم پیشانگایە ئامادەن، بە تایبەتیش کە دەمبینی منداڵانیش هاتوون و بەدوای کتێبدا دەگەڕێن، ئەوە بۆ من دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و دەگمەن بوو، هەر ئەو دیمەنە جێگەی دڵخۆشیشە، چونکە هێما بۆ ئەوە دەکات ئاستی هۆشیاری و ئاگایی گەیشتۆتە ئەو ڕادەیە منداڵانیش حەزی فێربوون و زانست و خوێ »دنەوەیان هەبێت.

بەهزاد، کچێکی خەڵکی سلێمانییە و گوتی: کەشوهەواکە جوانە، ئێمەش دڵخۆشین و هەست بە خۆشی دەکەین. ژمارەی سەردانیکاران سەرەڕای باران و قەرەباڵغی شەقامەکان، یەکجار زۆرە، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام زۆرینەی بەشداریکاران لە ناوچە دوورەدەست و جیاوازەکان هاتوون و زیادبوونی ژمارەی خوێنەری گەنج کە خەریکی زیندووکردنەوەی خولیای خوێندنەوەن جێگەی دڵخۆشیمە. ئێمە لە سەردەمێکی خێرادا دەژین و ئەگەر هاوسەنگ لەگەڵ ئەم سەردەمە خێرایەدا نەڕۆین، تەنیا جەستەی بێ ڕۆح دەمێنینەوە.

ئەمساڵ پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر بۆ کتێب، میوانداری زیاتر لە ٣٠٠ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ناوخۆیی و عەرەبی و نێودەوڵەتی کردووە، کە سەدان هەزار ناونیشان لە بوارە جیاوازەکاندا نمایش کراوە، لە ڕۆمان و شیعرەوە تا هزر و فەلسەفە و کتێبی منداڵان. بەگوتەی ڕێکخەرانی پێشانگاکە، دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە لە وڵاتانی میسر، لوبنان، سوریا، ئێران، سعودیە، ئوردن، فەلەستین، و عومان بەشدارییان کردووە، ئەمە جگە لە بەشدارییەکی کارای دەزگا ڕۆشنبیرییەکان و نووسەر و خوێنەرە عیراقی و کوردستانییەکان.

یەکێک لە ڕێکخەرانی پیشانگاکە ڕوونیکردەوە: ئامادەکارییەکان ئەوەندە شیاوبوون، کە هەمووان بتوانن مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بکەن و بەشداری لەم پیشانگایە بکەن. ڕێکارەکانمان ڕێکخست و ڕێگەی بەشداریکردنی گونجاومان بۆ هەمووان دابینکردن، بەڵام ڕێژەی سەردانیکاران و بەشداربووانیش لە چاوەڕوانییەکانمان زیاتر بوو.

لە هۆڵەکانی پێشانگاکاندا دەبینیت منداڵان لە گۆشەی دیاریکراودا چیرۆک دەخوێننەوە، گەنجان بەدوای نوێترین بڵاوکراوەدا دەگەڕێن و بەساڵاچووان بەدوای کتێبی دەگمەندا دەگەڕێن. تەنانەت دەنگی باران لەسەربانی هۆڵەکەش ڕیتمێکی ئارامکەرەوەی بەم دیمەنە رۆشنبیری و کلتوورییە بەخشیووە، کە زیاتر لە فیستیڤاڵێکی رۆشنبیری راستەوخۆ دەچێت، نەک پیشانگایەکی ئاسایی.

یەکێک لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کە بەشداری لەم پیشانگایە کردووە، ڕایگەیاندووە: پێمانوابوو باران کاریگەری دەبێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، ئامادەبووان لە کاتژمێرەکانی یەکەمەوە زۆر بوون و دەرکەوت سەردانیکارانی ئەم پیشانگایە بە تامەزرۆییەوە دەخوێننەوە.

چالاکییەکانی پێشانگاکە بریتین لە سیمیناری فیکری، ئێوارانی شیعر، و واژۆکردنی کتێب، ئەمەش گرنگی چالاکییەکە وەک بۆنەیەکی ساڵانەی دیار لەسەر گۆڕەپانی ڕۆشنبیری کوردستانی و عێراق بەهێزتر دەکات. ێشانگاکە لە ڕۆژی حەوتەمدا پشتڕاستی دەکاتەوە، کە خولیای خوێندنەوە شکست پێناهێنرێت و هێشتا کولتوور و رۆشنبیری لە دڵی مرۆڤەکاندا دەژی، هەرچەندە پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییەکان خێرابن و بارانەکەش بە لێزمە ببارێت.

# هەولێر لەگەڵ منداڵەکانی دەخوێنێتەوە و داهاتوو دەنووسێتەوە



■ هەولێر/ نور عەبدولقادر

پێشانگەی نێودەوڵەتی کتێب لە هەولێر بۆ پێنجەمین ڕۆژ بەردەوامی هەیە، دیمەنێکی فەرهەنگی پڕ لە ژیان و هێز دەبینین، ئەمساڵ پێشانگەکە هەزاران سەردانیکار لە هەموو تەمەنییەکان روویانتێکرد. بە تایبەت منداڵان بەشی جوانترینی سەردانیکەران بوون، لە کاتی پێشانگەکەدا گەشتەکانی قوتابخانە بە شێوەی ڕێکخراو ڕێکدەخران و خوێندکارەکانیان دەهێنایە ئێرە، زۆر بەسەرنجراکێشیەوە کتێبی منداڵانیان دەخوێندەوە و خۆیان بۆ داهاتوو ئامادە دەکرد.

لەماوەی ئەم پێنج ڕۆژەدا، بەدەیان قوتابخانەی سەر بە هەولێر و ناوچەکانی دیکە سەردانی پێشانگەکەیان کرد. پاسەکانی قوتابخانە لە بەیانی زوو پڕ بوون لە خوێندکار و دڵەکانیان پڕ بوو لە شەوق بۆ کتێب و چیرۆک و ڕەنگ و زانست. چاوەکانیان زۆر گەرم بوو کە لە نێوان بنکەکاندا دەهاتن و دەچوون، لاپەڕەی کتێبەکان دەگەڕان و پرسیاریان لە فرۆشیار و چاودێرەکان دەکرد بۆ کتێبێک کە گونجاوە بۆ تەمەنییان .

منداڵەکان پۆل پۆل ریزدەبوون و لەگەڵ مامۆستاکانیان گەشتیان لە نێو بنکەکان دەکرد، بە شێوەیەکی بەرچاو هاوشێوەی یەکدی بەدوای کتێبێکدا دەگەڕان بۆ تەمەنیان بگونجێت یاخود وێنەی کاریکاتێکتی جۆراوجۆری پێوە بێت، بۆ ئەوان وێنەکان لە نووسین زیاتر سرنجراکێش بوو ، وێنەی دایناسوڕ و کەروێشک و پڵنگ پێکەنینی لەسەر لێوەکانیان درووست کردبوو..

لە بنکەی کتێبە تایبەتیەکانی منداڵاندا، دیمەنەکە پڕ بوو لە ژیان. چیرۆکە وێنەییەکان، کتێبە ڕەنگاو ڕەنگەکان و ڕۆمانە سادەکان سەرنجی منداڵەکانی ڕاکێشا بوو. هەندێکی تر دانیشتن بەسەر زەویی و لەنێو کتێبەکان دەگەڕان، یان گوێیان بۆ چیرۆکێک دەگرت کە لەلایەن نووسەرێک یان مامۆستایەکی خۆبەخش دەخوێنرا، هەندێک بنکەی بڵاوکردنەوەی کتێب، وەرشەی وێنەکشانی بۆ خوێندنی منداڵان ڕێکخست، بۆ ئەوەی بەشداری بکەن لە بەرهەم هێنان و پەیوەندیدانیان پەیوەست بکەن بە ژیانی کتێب و نووسین.

مامۆستای قوتابخانەیەک دەڵێت:

"ئەم سەردانە قازانجێکی فێرکارییە بۆ خوێندکارانمان. مەبەستمان نابێت خوێندکاران لەم جۆرە چالاکیانە بێبەش بکەین، خوێندکاران تەنها لە نێو پۆل فێری خوێندن نابن ئەم گەشتانە زۆر پێویستە منداڵ ژیرتر دەکات دڵخۆشیان دەکات و چاویان بەڕووی دونیادا دەکرێتەوە ئینجا دونیایەک کە پڕ کتێب و زانیاری بێت، لێرە منداڵەکان زیاتر باوەڕیان بەخۆیان دەبێت.

روقیە خوێنکارێکی پۆلی پێنجی بنەڕەتیە و گوتی:

" من زۆر دڵخۆشم لەنێو کتێبەکان، کتێبێکم کڕیوە سەبارەت بە کچێک کە سەفەر دەکات بۆ دنیایەکی گەورە و دەمەوێ کە گەورەبووم چیرۆکی گەشتەکانم بنووسم.

سەردانەکان تەنها سنووردار نەبوون بە قوتابخانە کوردییەکان، بەڵکو قوتابخانە عەرەبییەکانیش بەشداریان کرد، جۆمان دەرکەوت هەولێر دەرگای بەڕووی هەموولایەکدا کردووەتەوە کاتێک بابەتەکە فێرکاری بێت بە خۆشحاڵیەوە لە ڕێگە دوورەکانەوە دێین.

ڕێخەرانی پێشانگەکە مەودایەکی فراوانیان بۆ سەردانی قوتابخانەکان دابین کرد، شوێنی تایبەتیان بۆ منداڵان ، هاوکات نرخی کتێبەکان بۆ خوێنکاران جیاواز بوو کە هەموو خوێنکارێک دەیتوانی کتێبی دڵخوازی بکڕێت.

یەکێک لە ڕێکخەرانی پێشانگەکە گوتی: من دەڵێم منداڵی ئەمرۆ خوێنەرێکی زۆر باشە و لەساڵانی داهاتوو ئەم جیلە دەبینین کە چەند مێشیان بەڕووی جیهاندا کراوەیە و زۆر لە تەمەنی خۆیان زیاتر زانیاریان لەسەر بابەتەکان هەیە.